# ئەوەی خواردنێک بخوات، پاشان بڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت

سەهلی کوڕی موعازی کوڕی ئەنەس لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی خواردنێک بخوات، پاشان بڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت». ^(واتە: حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەم خواردن ورزقەی پێبەخشیم بە بێ هیچ هێز وتوانایەک لە منەوە).

[حەسەنە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی مرۆڤ دەكات ئەگەر خواردنی خوارد ؛ سوپاسی وحەمدی الله بكات، چونكە مرۆڤ توانای پەیدا كردنی خۆراك وخواردنی نییە مەگەر بە یارمەتی الله نەبێت -سبحانە وتعالى-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەی دا بە ئەو كەسەی كە حەمد وستایشی خودا دەكات بەوەی شایستەیە خوای گەورە لە گوناهە بچووكەكانی پێشووی خۆش بێـت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5431

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee